رفاندنی رۆژنامەوانانی جیهان بەرزدەبێتەوە

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٠ەوە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە ئازادی ڕاگەیاندن لە جیهاندا بڵاوکردەوە و ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕفاندنی ڕۆژنامەوانان کردوەو ئاشکرای کردوە کە لە ساڵی ٢٠١٠دا ٥١ هەواڵنێر ڕفێندراون، ٥٧ ڕۆژنامەوان کوژراون، ٥٣٥ی دیکەش دەستگیرکراون.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور نووسیویەتی کە ١٢٧٤ ڕۆژنامەوان دووچاری لێدان و هەڕەشەلێکردن بوونەتەوە، ١٢٧ ڕۆژنامەوان دوورخراونەتەوەو ١٥٢ وێبلاگنووسیش دووچاری هەڕەشەیان لێکراوە، لە ٦٢ وڵاتی جیهانیشدا دەسگەیشتنیان بە ئینتەرنێت سنووردار کردوەو بەوهۆیەوە پانتایی بواری ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندنیان بەرتەسک کردۆتەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە ڕێکخراوەکە دەڵێ کە ڕێژەی ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە بەهۆی جەنگەوە گیانیان لەدەست داوە کەمتر بۆتەوە. بە گوتەی ژان فرانسوا ژۆلیارد، ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، باندەکانی مافیاو گروپە چەکدارەکان بە بکوژانی سەرەکی ڕۆژنامەوانانی جیهان دەژمێردرێن، بەڵام سەرانی وڵاتانیش لەبەرانبەر کوژرانی ڕۆژنامەوانانداو بەرپرسیاری سەرەکین.

بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٠ لە بیست وپێنج وڵاتی جیهاندا، لە وڵاتانی ئەفریقادا نزیکەی ٣٠ هەواڵنێر کوژراون، لە وڵاتانی ئاسیادا ٢٠ ڕۆژنامەوان کوژراون و بە تەنیا لە پاکستانیشدا ١١ ڕۆژنامەوان گیانیان سپاردوە.

ژان فرانسوا ژۆلیارد، گوتویەتی کە ڕەوشی ڕۆژنامەوانان لە وڵاتانی وەک؛ ئەفغانستان، کۆڵۆمبیا، عێراق، مەکزیک، پاکستان، فیلیپین، روسیەو سۆمالیا هیچ گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە، دەتواندرێ بگوترێ کە توندوتیژی دژ بە بڵاوکراوەکان بەدامەزراوەیی کراوە، هەروەها بە پێی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وڵاتانی عێراق، مەکزیک و ئەفغانستان بە درێژایی دە ساڵی ڕابردوودا تووندوتیژیان تێدا پێڕۆکراوە.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور سەبارەت بە ئێرانیش دەڵێ لە ماوەی ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی ٣٠ ڕۆژنامەوان دوورخراونەتەوە، بەوهۆیەشەوە وەک یەکەمین وڵات دەژمێردرێ کە ڕۆژنامەوانانی دوورخستبێتەوە، هەروەها ١٥ ڕۆژنامەوانی وڵاتی ئەسیوپیاو سۆمالیا ناچارکراون کە وڵاتەکانیان جێبهێڵن.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور بەاوردی لەنێوان ساڵی ٢٠١٠ و ساڵی ٢٠٠٩دا کردوە ونووسیویەتی: ٧٦ ڕۆژنامەوان لە ساڵی ٢٠٠٩ کوژرابوون، لە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەکە بۆ ٥٧ دابەزیوە، بەڵام ژمارەی ڕفێندراوان لە ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا ٣٣ ڕۆژنامەوان بوون، ساڵی ٢٠١٠ بۆ ٥١ بەرزبۆتەوە. هەروەها ٥٠٤ دەزگەی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی ڕاگەیاندن دووچاری سزادان بوونەتەوە و ١٢٧ ڕۆژنامەوانیش ڕایانکردوەو بە ناچاری وڵاتەکانیان جێهێشتووە.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ئاشکرای کردوە کە ژمارەی کوژرانی ڕۆژنامەوانان لە وڵاتی عێراق و سۆمال کەمبۆتەوە،

هەرچەندە کە ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا نەندامی هەیە، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە ژمارەیەکی زۆرتر لە ڕۆژنامەوانان کوژراون و ڕفێندراون و هەڕەشەیان لێکراوە، بەتایبەیش بەتەنیا لە هەرێمی کوردستاندا دەیان بڵاوکراوەو ڕۆژنامەنووس دووچاری دادگەییکردن و سزادان بوونەتەوە، تەنانەت لە ڕۆژەکانی کۆتای ساڵی ٢٠١٠ و لە ٣ی دیسێمبەردا دادگەیەکی وڵاتی تورکیا ئەمینە دەمیر کە سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئازادیا وڵات بوو بەتۆمەتی پشتگیریکردن لەپارتی کرێکارانی کوردستان بە ١٣٨ ساڵ زیندانی حوکمدا.

هەفتەنامەی ڕۆژی گەل

دەمیرتاش وەڵامی ئەردۆگان دەداتەوە

سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی بە توندی وەڵامی وتەکانی سەرۆک وەزیری تورکیای دایەوە و جەختی لەسەر خواستی کوردیش کردوە.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی رادیکاڵ، دوای ئەوەی (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆک وەزیری تورکیا لە ناو پەرلەماندا توانجی لە داواکارییەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە) بۆ فەرمیکردنی زمانی کوردی و ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بۆ کوردستان گرتبوو، ئەو پارتەیشی بە پاشکۆی پەکەکە لەقەڵەمدابوو، سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرۆکی بەدەپە لە لێدوانێکدا بە توندی وەڵامی ئەردۆغانی دایەوە.

دەمیرتاش لەو لێدوانەدا، سەرۆک وەزیری بەوە تۆمەتبار کرد کە هەڕەشەی لێکردوون و سووکایەتی پێکردوون، لەو بارەیەوە ڕایگەیاند کە ئەوان داوای برایەتی دەکەن، کەچی قسەکانی ئەردۆغان جیابوونەوە و جیاکاری قووڵتر دەکەنەوە.

سەرۆکی بەدەپە جەختی کردۆتەوە کە ئەردۆغان لە سەر سەرکوتیان سوورە، بەڵام ئەگەر ئەوان دەستبەردار نابن، ئەگەر سەریشیان ببڕن لە سەر پێ ڕادەوەستن و لە داواکارییەکانیان پاشگەز نابنەوە.

جێی ئاماژە پێکردنە کە لەوەتەی پارتی ئاشتی و دیوکراتی ئامانج و ڕێ چارەی دۆزی کوردی لە باکووری کوردستان خستۆتە ڕۆژەڤە، دەوڵەتی تورکیا هەست بە واقیعبینی دروشم و خواستەکە دەکات، سەرانی تورکیا دەزانن کە ئەو جۆرە خواستە دۆست و هاوسۆزی جیهانی پەیدا دەکات، بۆیە بەردەوام باس لە یەک ئاڵاو یەک زمان دەکەنەوە، هەر لەو پێوەندەدا سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەمیانی وتەکانیدا گوتبووی (**نەتەوەی ئەو بە یەک زمان قسە دەکات و یەک دەوڵەت و یەک ئاڵاشی هەیە!**) بەڵام ڕاستیەکان پێچەوانەی ئەو قسانە خۆیا دەکەن، تەنانەت عەبدوڵڵا گویل لە دوایین سەردانی خۆیدا بۆ شاری دیاربەکر جەختی لەسەر بەفەرمی مانەوەی زمانی تورکی کردەوە و ڕایگەیاند کە تورکی زمانی فەرمی تورکیا یە، بەڵام لە هەندێک دەڤەردا زمانی جیاواز وەک کوردی، عەرەبی و زمانی دیکە هەن. گویل لەو قسەیەدا مەبەستی ئەوەبوو کە بڵێ ئیدی زمانی کوردی بە فەرمی نابێ، بەڵام خەڵک و ڕۆژنامەوانان گاڵتەیان بە قسەی سەرکۆماری تورکیا هات، چونکە هەر ئێستا هەنگاوی کردەیی بۆ بەفەرمیکردنی زمانی کوردی هەڵگیراوەتەوە، درەنگ یا زوو زمانی کوردی بە ڕەسمی دەناسێندرێ.

کامۆ شێروان

ڕیفراندۆمی باشووری سودان سەرەتایێک بۆ سەرخۆیی گەلان

بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی کە ساڵی ٢٠٠٥ لەنێوان حکومەتی خەرتووم و بەرەی میللی بۆ ڕزگاری باشووری سودان واژۆکراوە، دەبێ ئەمڕۆ، ٩ی کانوونی دووەم بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی باشووری سودان ڕیفراندۆمێکی گشتی بەڕێوەبچێ، هەرچەندە سەرەتا هەندێک هێزی دەمارگیری عەرەبی هەوڵی دوورخستنەوەی ڕیفراندۆمیان دەدا، بەڵام سەرۆکی سودان کاتێک هەستی کرد کە خەڵکی باشووری سودان سازش ناکەن و لێبڕاوانە لەو ڕۆژەدا دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگداندا، ڕایگەیاند کە ئەوان بە ئاکامی ڕیفراندۆمەکە ڕازی دەبن و هەرچی بێت پەسندی دەکەن، کەواتە ئەمڕۆ خەڵکی باشووری سودان ئازادانە بڕیای خۆیان دەدەن و بەدەنگ و ویستی خۆیانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن کە بێگومان ئەویش پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانی لێدەکەوێتەوە.

ئاکامی ڕیفراندۆمی خەڵکی باشووری سودان کە هەر لە ئێستاوە سەربەخۆی لێوەدیار کەوتووە، نەک هەر خواست و ویستی ئەو گەلە بەرجەستە دەکات کە ساڵانێکی درێژە لەژێر دەستی عەرەبدا دەچەوسێندرێتەوە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە دەیانەوێ لەسەر خاکی خۆیاندا ئازادو سەربەخۆ بژین و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن، هەنگاوێکی دڵخۆشکەرانە دەبێ. هەروەها خواستی بڕیاردان لە چارەنووس لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە دەکات بە دیفاکتۆو لەداهاتووشدا نەتەوەکانی دیکە ڕاوەستاوانەتر داوای دەکەن و شوێن پێی هەڵدەگرنەوە، هەڵبەت نەتەوەی کوردو گەلی کوردستانیش لە سەرتۆپی ئەو نەتەوانەدا جێی گرتووە.

هەرچەندە کە پێشوەخت ئاکامی ڕیفراندۆمی باشووری سودان لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ نمایش بووە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە دەبێندرێ کە دەمارگیرانی عەرەب باس لە ناسنامەی عەرەبی باشووری سودان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا نە ڕۆژێک خاکی عەرەب بووەو نە خەڵکەکەشی بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب، هەر لەو پێوەندەدا پێگەی ویکیلیس مەرامی گڵاوی حکومەتی میسر سەبارەت بە ڕیفراندۆمی باشووری سودان ئاشکرا کردوە. ماڵپەڕەکە دەڵێ کە بەڕپرسانی میسر بەردەوام بەمەبەستی دواخستنی ڕیفراندۆم گوشاریان دەکار کردوە، ویستویانە لانی کەم بۆ ساڵی ٢٠١٥ دوابخرێ.

سەرانی حکومەتی میسر لەکاتێکدا هەوڵیانداوە کە بۆ دواخستنی ڕیفراندۆمی باشووری سودان گوشار دەکار بکەن، لەهەمان کاتدا وایانپێشانداوە کە ئەوان چاکەی خەڵکی باشووری سودانیان دەوێ و گومانی خۆیان لە خۆڕاگرتنی ئەو دەوڵەتە پێشانداوە کە لە ئاکامی ڕیفراندۆم دادەمەزرێ، کەواتە هەر لە دەستپێکدا سەرانی میسر کە هەستی دەمارگیری عەرەبیان تێدا بەرزە ،دەزانن کە خەڵکی باشوور بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری تێدەکۆشن.

سەرانی زۆرێک لەوڵاتانی عەرەبی گومانی سەرهەڵدانی شەڕی نێوەخۆ لە سودانیان دەکرد بە پاساو بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم و چاوی خۆیان لەبەرانبەر ئەو ڕاستیە دەنوقاند کە بە درێژایی دەیان ساڵ شەڕو کوشتار وڵاتی سودانی دەهاڕی و تەنیا بە جیابوونەوەش ئەو شەڕو کوشتارە کۆتا دەبێ.

ڕیفراندۆمی باشووری سودان بێجگە لەوەی کە وانەیێکی بەسود دەبێ بۆ ئەو نەتەوانەی کە دەیانەوێ لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە بە سەربەخۆیی بگەن، لەهەمان دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی سەرانی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئێمەی کوردستانی سەرڕاست دەکاتەوەو دەسەڵمێنێ کە ئەوان هێشتا بیر لە داگیرکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەکەنەوە، هەر ئەوەش وایکردوە کە زۆر شێلگیرانە بۆ لەگۆڕنانی ماددەی ١٤٠ و نەگەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە پێدەکوتن.

گەلی باشووری سودان دوای دەیان ساڵ تێکۆشان، سەرەنجام بە خۆڕاگری و پێداگری لەسەر خواستی خۆیان ئەمڕۆ یەکشەمەی مێژوویی دەبێ و لەسەر سەندوقی دەنگداندا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن، با ئێمەی کوردیش چاوێک بە خۆمان دابخشێنینەوەو بۆ بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم قۆڵی لێهەڵماڵین و تێبکۆشین.

قاسم کەرکوکی

کوردستانیان داوای هەموارکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپێشاندان دەکەن

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای ڕێکخستنی خۆپێشاندانی واژۆ کرد، چالاکوانانی بواری ئازادی ڕادەربڕین ناڕەزایی خۆیان پێشانداو درێژەیان بەو هەڵمەتەدا کە پێشتر لە ژێرناوی سەرۆک واژۆی مەکە دەستیان پێکردبوو، ئیتر وڵاتیان و چین و توێژە جیاوازەکان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و ڕژانە سەر شەقامەکان.

لە ماوەی ڕابردوو شارەکانی سلێمانی، هەولێر، خانەقین، شارەزوور، زەڕایەن و هەڵەبجەی تازەو بازیان، خۆپیشاندان دژی ئیمزاکردنی یاسای خۆپیشاندان ئەنجام دا و لە مێدیاکانی جیهانیشدا دەنگی دایەوە.

چالاکوانانی ئازادی ڕادەربڕین پێیانوایە کە ئیمزاکردنی یاسای خۆپیشاندان لەلایەن سەرۆکی هەرێم دژ بە خواستەکانی ئەوان بووە، چونکە پێشتر کەمپینیان پێکهێناوەو داوایان لە سەرۆک کردوە کە ئیمزای نەکات، بەڵام دواتر کە پڕۆژە یاساکە ئیمزا کراوەو بۆ پەرلەمان ڕەوانەکراوەتەوەو لەمەوبەدواش کاری پێدەکرێ، ئیدی بواری ئازادی ڕادەبڕین سنووردار کراوە، بەتایبەتیش چونکە لە یاساکەدا هاتووە: (**وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە داواکاری ڕێکخستنی خۆپێشاندان ڕەت بکاتەوە!!!**) بۆیە ئەوان داوا دەکەن کە یاساکە هەمواربکرێتەوە.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و چالاکوانانی بواری ئازادی ڕاگەیاندن پێیانوایە کە یاساکە بۆ ڕێگرتن لە خۆپیشاندانە و بواری ئازادییەکانی لە هەرێمی کوردستان بەرتەسک کردۆتەوە.

خۆپێشاندەران لە ڕێپێوانەکانیاندا پلاک کارت بەرزدەکەنەوە و دەخوازن کە پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە بە یاساکەدا بچێتەوەو هەموواری بکاتەوە، هەروەها دروشمی (نا بۆ ئەم یاسایە، بەڵێ بۆ هەموارکردنەوەی) بەرز دەکەنەوە، ئەوان دەڵێن: (لە کاتێکدا دەسەڵاتی هەرێم بانگەشەی دیموکراسی و ئازادی و دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤی کوردستان دەکات، بەڵام ئیمزاکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە پەیوەندی بە ئازادی و ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە لێسەندنەوەی ماف و شوناسی هاوڵاتی بون و زەوتکردنی ئازادیەکانە).

چالاکوانێک بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند: (چەند برگەیەک لە یاساکەدا هەیە کە دژی دیموکراسیەو ئازادییەکان بەرتەسک دەکاتەوەو لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ناکۆکە، ئەمەش نیگەرانی لای ئێمەو خەڵکی کوردستان دروست کردوە).

لەو بارەیەوە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە مادام سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەر یاسای ڕێکخستنی خۆپێشاندانداو کردوەو بۆ پەرلەمان گەڕاوەتەوەو بۆ دەستەڵاتی ڕاپەڕاندنیش ڕەوانە کراوە، ئیدی لە داهاتوودا کاری پێدەکرێ، بەڵام جەماوەری ناڕازیی دەخوازن کە پەرلەمان گوێ لە داواکەیان بگرێ و چاو بە یاساکەدا بخشێنێتەوە، هەرچەندە کە چاودێران پێیانوایە ئیدی پەرلەمانتاران گوێ لە داخوازی خەڵک ناگرن و یاساکە دەخرێتە واری کردارییەوە، بەوهۆیەشەوە ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەرەو نائارامی هەنگاو هەڵدەگرێتەوەو لە دژی بەرژەوەندی دۆزی کوردستان تەواو دەبێ، بۆیە باشترایە کەهێشتا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، بیر لە ئاکامە خراپەکانی بکرێتەوە.

سەربەست کانەبی